www.kurdistannet.org
13/07/2003 00:21

# میسر لە رەهەندی کرانەوەوە بۆ کۆلۆنیالیزەکردنی کچانی کورد

کازیوە سالح

یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکان و بەرهەمهێنەکانی ستراتیژی سیاسی، پەیوەندی نێو دەولەتیە، پەیوەندی نەتەوەی کوردیش بە دەورووبەرییەوەبە تایبەت دراوسیەکانی، لە بەر ئەوەی هەمیشە پەیوەندی نێوان بالایەک و نەوییەک، زالمێک و زولم لێکراوێک بووە، پەیوەندێکی دوژمنکارانەو ناکۆک و دژە تەریب بووە. . .

لە نێو سەرجەم نیشتمانی عەرەبیدا ئەو دەولەتەی لە هەموو وولاتانی دیکە پەیوەندی مێژووی بتەوی بە کوردەوە هەبووە میسرە، مێژووی ئەو پەیوەندیەش زۆر کۆنەو دەگەرێتەوە بۆ **١٤٠٠** سال پێش زایین کاتی ئامادەگی ئیمبراتوریەتەکان، پەیوەندی نیوان میسرو کوردیش لە پەیوەندی نێوان (میتانی) ەکانی کورد و (فرعون) یەکانی میسرەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ژنی ئەمنحوتیبی سێهەم وئەخناتون کوردبووە و کچی تۆشتراتای میتانی بووە ئەم خاتونە کاریگەرێکی گەورە بۆ سەر بوارە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیەکان هەبووە، ئەم پەیوەندیەش بە پێی قۆناغەکان درێژەی کێشاوە بە رادەیەک بیر لە شۆرشی میسری ناکرێتەوە بەنکولی کردن لە رۆلی سەلاحەدینی ئەیوبی کە جگە لە رزگاربوون هۆی داهێنانی چەندین شوێنگە و دام و دەزگای سیاسی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و ئاینی و خزمەتگوزاری و سەربازی بووە لە میسرو نیشتمانی عەرەبیشدا. هەروەها ئەوەش لە یاد ناکرێت کە زۆر لە رابەرانی ئەدەب و زانست زانایانی کورد لە خاکی خۆیاندا پێنەگەشتون و لە وولاتانی بێگانە و نیشتمانی عەرەبیدا ژیانیان بە سەربردوەوبەرهەمە ناوازەکانیان گەیاندوەبە هزری خەلک لەوانەش لە بواری شیعردا عەباس مەحمود ئەلعەقاد، ئەحمەد شەوقی، ئەلزەهاوی، ئەلرەسافی، حسن مەروان، (بلند حەیدەری ـدایکی کورد بووە) .

هەروەها مێژوو ناتوانێت ناوی زانایان بهێنێت بە بێ عبد الرحمن الکواکبی خاوەنی (الطبائع الاستبداد) محمد علی کورد، خیر الدین الزرکلیانی خاوەنی (قاموس الاعلام) قاسم ئەمین و (هەندێ سەرچاوە وەکو کورد باسی دەکات) شۆرشی ژن کاتێک باس لە زانستی مێژوو دەکرێت زانایانی کورد ابن خلکان و ابن اثیر دێنە روو، کاتێک باس لە رەخنە ئەدەبی ئیسلامی دەکرێت زانا کوردە گرگانیەکانی وەکو عبدالقهار گرگانی و عبدالقادر گرگانی و عبدالعزیز گرگانی دێتە مێژووی گوتن.

زیاتری ئەم کەسانە لە ناو میسردا پێگەشتوون و بەرهەمەکانیان خستوەتە روو، هەروەها میسر لە سەردەمی سەرکردە جەمال عبدالناسریشدا یەکەم وولاتی عەرەبی بووە بەرگری لە خواست و ئازادی کورد کردووە، وەکو راگەیاندن ناتوانین ئەوە لە یادبکەین کە بەهەولی مامۆستا جەمال نەبەزو وهاورێکانی ئێزگەی کوردی لە میسردا کرایەوە، یەکەم چاپخانە لە قاهیرە دا کە بەتەنیشت ئەزهەرەوە دانرابوو ناوی (کوردستان) بووە کە فرج الله زکی الکردی ومحی الدین صبری کانیمشکانی کتیبی بە نرخ و گرنگیان لە سەر کیشەی کورد تێدا چاپ کردووە لەوانەش کتێبی (نضال الکرد) جگە لەوەی قاهیرە سەنتەری چالاکی فکری و ئەدەبی و سیاسی زۆر کەسایەتی ناوداری کوردی وەکو (محمد علی عونی و محمد حلمی) و هەروەها ئامێزێکی راگەیاندن و هونەریش بوو بۆ خێزانی بەدرخانیەکان و دەرکردنی یەکەم رۆژنامەی کوردی لە قاهیرەدا بە ناوی کوردستان.

کەواتە میسر شیاوترین شۆین بووە لە نیشتمانی عەرەبیدا کە پەیوەندیە رامیاری و رۆشنبیری و فکریەکانی تێدا بەرجەستەکراوە بەلام ئەو بەرجەستە کردن بە کۆششی رۆشنبیرانی کورد کراوە کە

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

هەندێکیان ئەوکاتە تەنها ئەوان دەیانتوانی جەمسەرە سیاسیەکانیش بۆ پێشەوە بەرن و ئیساش تەنها ئەوان لە چوارچێوەی سیاستی نۆێێ چەواشەکاریدا جێگایان نابێتەوە.

کە بەندەش سەردانی ئەو وولاتەم کرد هەموو هەلویستێکی جوان و خۆشەویستیم لە زۆربەی رەمزو کەورە وتاکەکانی میسردا بەدی کرد بەرامبەر نەتەوەی کورد و زۆربەی رەمزەکانیشیان ئامادەی ئەوەبوون کە بچنە کوردستان و کار بۆ مەسەلەی ئەنفال و هەلبجە بکەن ئەگەر مام جەلال ئەو وەعدەی بهێنایەتە دی گوایە بانگهێشتیان دەکات ئەگەر ئەوان ئامادەبن و منیش لە سەر پەیمانەکەی ئەو خۆمم لای زۆربەیان خەجالەت کرد گوایە بە زوترین کات بانگهیشت دەکرین.

لە لایەکی دییەوە هەموو دەرگاکانیان والابوو بۆ کارکردن و پێگەیاندنی خودی خۆت لەو وولاتەدا هەر خۆشیان دانیان بەوەدا دەنا کەوا ئەوان دەرگای خۆیان بەرووی هیچ بەهرەیەکدا داناخەن و زۆربەی ئەو کەسانەش لە وولاتی خۆیاندا جیگای بهرەیان نەکراوەتەوە لە میسردا پێگەشتوون، ئەمەش بە بروای من راستە و حەقیقەتێکی نکولی لێنەکراوە و ناشتوانم گەواهیدەری ئەو راستیە نەبم کە ئەو دەرگایانەی لە کوردستاندا بە روومدا دادەخرا گوایە سەربەخۆبوون و بە جورئەت قسەکردنم، مەترسێ بۆ سەر دەسەلات و حزب لەوێ والاو کراوە بوون بۆ منێکی غەریب و هەکەسێک بیەوێ بەهرە خۆی لەو وولاتەدا پەروەردە بکات

لە سەردەمی ئیستاشدا بەلگەکان بۆمان دەردەخەن بە سیاسەتی کۆلۆنیالی ژێر بە ژێر چۆن کچە پاکیزەییەکانی کورد فرۆشراون بە شوێنە بێ بەهاکانی میسر بۆ بێبەها کردنی تاکی کورد و نەتەوەی کورد. چونکە حزبی بەعس و رژیمی سەدام ژنی کوردی اغتیساب دەکرد بە مانای اغتساب کردنی نەتەوەکەی و کەرامەتی کورد (دیارە ئەگەر ئێمە بمانەوێ لەم رووەوە بدوێین سیاسیەکانی کوردیش کەم تاوانی لەم جۆرەیان نیە) بەلام بێگومان تێکشکاوترین سیاسەت ئەو سیاسەتەیە کە بەرژەوەندی تاک و گروپ و کۆمەلەکەی لە بەرچاونەگرێت، جێ بە جێ کردنی خواستەکانی ئامانج و خواستی نابێت، ئەو پرسەی ئەمرۆ تووشی راچەنین و گومانمان دەکات بەرامبەر راپەرین لە لە لایەن حزبەکانەوە بە ئامانجی سەربەخۆیی رزگاربوون کرابێت ئەوەیە تا ئیستا سیاسەتی کوردی لە قولترین قەیرانی خۆیدا بەرجەستە دەبێت، سیاسەتێکە وێنەی ئەو باوکە دۆراوەیە کە منالەکانی بەرەلای سەر شەقامەکان دەکات و ئێوارانیش دەچێت بەروبومی ئەو رۆژەیان لە چنگ دەر دەهێنێت و ناشهێلێت بچنەوە مالەوە.

چەند رۆژێکە بە لگەنامەی کچانی بە میسر فرۆشراو دەبینین و حزبەکان و دەسەلاتی کوردی نتقی لە خۆی بریوەو نزاکانیش دەباتە لای یەزدان کە خەلکیش بێدەنگ بێت و هیچ نەلێت ئەمە کارێکی زۆر ئاساییە بۆ دەسەلاتی کوردی کە بەوشیوە سازشکارانە مامەلەبکات و لە ئاستی لێپرسراوێتیدا نەبێت لە ئاستی کارەساتەکانی نەتەوەیەکەیدا، ئەوەی دێتە گووتن و بۆ مەسەلەکان دەسووتێت تەنها رۆشنبیران و خەلک و گروپەکانە. ئاساییە خەلک نزار خەزرەجی بدا بەدادگاو دەسەلاتدارانی کورد میللەتەکەی بە درۆزن و تاوانبار بچوێنێت بۆ داکۆکیکردن لە خەزرەجی. . . ئاساییە میللەت و کەس و کاری شەهیدان داوای داگای کردنی شێخ جەعفەر بکەن و سکالای لەسەر تۆماربکەن و دەسلاتی کوردیش چۆپێکە لە شێخ چۆپی تێک نەداو ئامێزی بۆ بگرێتەوە، ئاساییە رۆژانە بە هەزاران گۆری بە کۆمەلی ئەنفالەکان بدۆزرێتەوەودەسەلاتی کوردیش دایکی عودەی و منالەکانی دەربازبکات. . ئاساییە لەیلی علوی ئەکتەری میسری داکۆکی لە ئەنفال و هەلبجە بکات و سەدام رسوا بکات، هەفتنامەی الاتحادی ینک یش مقەست کاری بکات و داکۆکێکانی لە نێو چاوپێکەوتنەکەیدا بلاو نەکەنەوە بۆ ئەوەی سەدام دلی گەرد نەگرێت. ئەمەش دیسان کارێکی ئاسایی یە چونکە ئێمە لە رووی مێژووییەوە بۆمان دەرکەوت

پەیوەندیەکان و نرخ بۆدانانەکان سەرجمیان رۆشنبیری بوون و رۆشنبیران بەرجەستەیان کردووە، تەنانەت مەسەلەی سیاسیەکانیش زیاتر لە دەستی رۆشنبیراندا بووە و سیاسەتمەداران ئەو متمانەیەیان نەبووە، لە سەردەمی سەربەخویشدا ئەو دەسەلاتدارانەی بەهۆی ئەو چینانەوە گەشتن بە دەسەلات، بێنرخترین و بێبەهاو مافترین چین رۆشنبیران و گروپەکان و خەلکە، لە هەمان کاتیشدا بە هۆی ئەوانەوە دەگەن بە مەرامەکانیا ن، رۆشنبیران لە ناو بەشەی ئازادکراوەکەی کوردستاندا سوکایەتیان پێدەکرێت و راوەدودەنرێن بە دەستی دەسەلاتداران، لە دەرەوەو لە غەریبیشدا بە هۆی رۆشنبیران و خەلکەوە دەگەن بە هەموو مەرامەکانیان و هەموو دەرگا بەرزەکان ئەویش بە داکۆکی و راپورت و بەلگەنامەو دەنگ گەیاندن بە هەموو ئەو دەزگا و ئورگانانەی کە سوودی ئەوانی تێدایە، ئەو گروپ و خەلکەی لەوێ جێگایان نەکرایەوە لە غەریبیدا پارە کودەکەنەوە بۆ ئەنفال و هەلبجەو منال و لێقەوماوانی کورد، دەسەلاتدارانیش گیرفانی خۆیان و جوبەخانەکانیانی پێ پردەکەن بۆ کوشتنی کورد، کە کوری خەلک و هەژرایش بە دەستی ئەو گروپ و حزبە جۆربەجۆرانەی کە دەسەلاتی کوردی بە ناوی دژە دەسەلاتەوە دروستی کردوون دەکوژرین، دەسەلاتی کوردی پشتگیری دەولەتەکانی پێووەدەست دەهێنێت، خۆێنی ئەوان دەبێت بە پەسابورتی مانەوەیان، ئەمانە هەمووی ئاسایی بوون بۆ دەسەلاتی کوردی و جەماوەریش هەتا ئێستا هەر لە سەر ریتمی (بە خۆێن بە گیان) ماوە بەرامبەریان و بێدەنگیان کردووە بە خوو، کارێکی ئاسایی یە ئیستاش دەسەلاتی کوردی بەرامبەر فرۆشتنی کچەکانی کورد بێدەنگ بێت و خەلکیش هەر هەمان گۆرانیان بۆ بلێتەوەو لە ژێر لێویشەوە بپارێنەوە کە لەم مەسەلەیەشدا وەکو زۆربەی ئازارەکانی کورد پەیوەندی و دەستی سیاستمەدارێکی کوردی تێدا دەرنەکەوێت و هێندەی دیکەش روومان خەجالەت نەکرێت و دەسەلاتیش ئازاروسوکایەتی بە و کەسانە بکات کە داکۆکی لەو مەسەلەیە دەکەن بۆ ئەوەی نەگەن بە راستی مەسەلەکان هەروەکو چۆن هەندێ دەسەلات لە ولاتانی دەراوسێ و نیشتمانی عەرەبیدا داکۆکی کردنی ئەنفال و هەلەبجە سەغلەتیان دەکات و ئازاری داکۆکیکەرانی ئەو دوو کاراستە دەدەن ئیستاش پێدەچێت هەمان ریس دووبارە بکەینەوە. . . بەلام مایەی داخە لە باروودوخی ئەمرۆدا دەسەلاتی کوردی نە عاقلانە دەجولێتەوەو نە عەقلانیشە لە کاتێکدا دەکرێ عاقلانە مامەلە بکات بەلام عەقلانی نەبێت

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**